# قالەمەڕەی هونەرمەند

# لە بەسەرکردنەوەیەك دا

ئا: خالید محەممەدزادە



هەرچەند نەهامەتییەکانی رۆژگار پەردەیان لە سەر هەرچی باشتر دەرکەوتنی سیمای کەسایەتییە ئەدەبی، هونەری‌و سیاسییەکانی ئەم نیشتمانە داداوەتەوەو بوون بە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە تاکەکانی ئەم کومەڵگایە لەگەڵ کۆمەڵێك راستیی شاردراوەو . . . بەرەورووبن، بەڵام گەڕانو رۆچوون بە ناخی مێژووی نووسراوو نەنووسراومان داو بە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی دوێنێ‌و ئەورۆ، بینەری ئەو راستییە دەبین کە لە نێوانمان دا زۆرن ئەوانەی بۆ گەڵ ژیانو بۆ گەڵ دەژینو وەك مۆمێك لە پێناوی مرۆڤایەتی‌دا توانەوەو دەتوێنەوە بێ ئەوەی کە چاوەروانییەکیان لە دەورووبەریان بووبێ. با لەم گەشتە خێرایەدا، بچینە میوانیی پیاوێك کە لە گەڵمان دا ژیاوەو دەژی‌و خەرمانێك هونەری پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووەو گوێ بۆ ترپەی دەنگی هەناسەو هەستێك رادێرین کە ئێستاش پاش تەمەنێك تێکۆشانو هونەرنواندن، پاش تەمەنێك ئاوارەیی‌و چەرمەسەری، هەر بۆنی خاكو نیشتمانو خۆراگری لیٚ دیٚ.

قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە قالەمەڕە بزوێنەری ئەو شمشاڵەیە کە پتر لە ٣٠ ساڵە گەلو هۆزەکەی دەلاوێنەتەوە. شمشاڵێك کە لێبراوانەو بە بوونی ئەو هەموو کەندوکوسپ، نەهامەتی‌و بیٚوەفاییی‌یەی کە بۆی هاتۆتە پێش تەعبیری لە ناخو خولیاکانی بەهەزاران مرۆڤی وەك خودی قالەمەڕە کردوە.ناخو هەستێك کە تەنیاو تەنیا شمشاڵ دەیتوانی‌و دەتوانێ دەربڕی بەشێك لە خەونە پەلاماردراوەکانی بێ. بێ گومانین لەوەی کە شمشاڵی قالەمەڕەو هونەرنواندنی ئەم نیشتمانپەروەرەو ئەو سەبکە کارەی کە ئەم خۆشەویستەی پیٚ ناسراوە، ناوبراویان کردۆتە خوشەویستی کۆمەلانی خەڵكو جێگایەکی تایبەتیان بۆ قالەمەڕەی شمشاڵ ژەن لە دڵی هۆگرانی ئازادی‌و نیشتمان دا کردۆتەوە. کێ هەیە ـ بۆ جارێکیش بوو بێ ـ گوێی نەدابێتە دەنگی ئەفسووناوی‌و بەسۆزو دلاوێنی هاوارێك، نەعرەیەك کە لە رێگای شمشاڵەوە لە گەڕووی گڕگرتووی ئەم هونەرمەندەوە دەربڕی هەزاران ئاەو نالە بووەو بانگەشەش بووە بۆ یەکبوونو کۆبوونەوەی گەلەکەی.

قالەمەڕەی هونەرمەند لە ماوەی تەمەنی ٨٤ ساڵەی خۆی‌دا جگە لە بەشداریکردنی راستەوخۆ لە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستانو لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بۆ ماوەی چەند ساڵ، ئەوندەی دەرەتانی پیٚدرابێ لە زۆربەی کوڕوکۆبوونەوە ئەدەبی‌و هونەرییەکانی نێوخۆی وڵات بەشدار بووەو بە لێدانی شمشاڵ گوێگرانی بەرەو رامان لە دنیای ئەفسوناوی‌و پڕ لە رەمزورازی خۆی پاڵ پێوەناوە. مامە قالە ئێستاش بە شمشاڵەکەیەوە زۆربەی شارو شاروچکەکانی کوردستان دەگەڕیٚو بزەی شادی دەخاتە سەر لێوی خەڵکەکەی. بەڵام لە هەمووی گرنگترو بەرچاوتر پتر لە بیست ساڵی رەبەقە کە شمشاڵی قالەمەڕە وەك سەمبوڵی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، هەموو رۆژێك و بۆ ماوەی چەند دەقیقە پێش بلاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ خەبەر لە کرانەوەی رادیو دەدا.

پێویستە بگوترێ کە بیستو یەك ساڵ لەمەو پێش کاتێك کە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران رۆژی ١٣٥٩/٣/٢٧ دەستی بە کار کرد، پێش دەست پێکردنی بەرنامەکانی رادیۆ بۆ ماوەی چەند دەقیقە دەنگی کەو لە رادیۆدا بلاو دەکرایەوە. بەڵام گوێگرانی رادیۆ

پاش چەند مانگو لە سەرەتاکانی پاییزی ساڵی ١٣٥٩دا بۆ یەکەمین جار گوێ بیستی بڵاوکردنەوەی شمشاڵی قالەمەڕە وەك نیشانەی کرانەوەی ڕۆژانەی ڕادیۆ دەبنو لەو کاتەوە هەتا ئێستا شمشاڵی قالەمەڕە نیشانەی کرانەوەی هەر وەعدەیەکی ڕادیۆ، پێش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانییەتی. هەر لەو سەردەمەداو لە ڕێکەوتی ١٣٥٩/١٠/٦ خودی هونەرمەند قالەمەڕە دەچێتە ئێستودیوی دەنگی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵێك ئاهەنگی تایبەت بۆ ڕادیۆ تومار دەکا کە بریتین لە: ڕاوچییان، لاوە لاوە، لەشکری، شارویرانی، کاکە میرو کاکە شێخ، سوارۆ، کانەبی‌خواز، بەهارەو سەربەرزیی شەمو شەمزین. کەواتە ئەو شمشاڵەی کە ئێستا لە ڕادیۆدا بڵاودەکرێتەوە دیارییەکی تایبەتی ئەم هونەرمەندەیە بە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.



بەڕێز باباعەلی مێهرپەروەر بەرپرسی ئێستای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەمەڕ دانانی شمشاڵی قالەمەڕە لە ڕادیودا دەڵێ: " شمشاڵ یەکێك لەو ئالەتە موسیقایانەیە کە لە دێرزەمانەوە لە کوردستان دا هەبووەو هونەرمەندانی کورد بۆ بەزمو شاییو تەنانەت تاڵیو ناخۆشیش، ئاهەنگی شادی بەخشو خەم هێنەریان پێ لێداوە. بەڵام شمشاڵی قالەمەڕە هەم تایبەتمەندی شمشاڵو هەم کەسایەتی قالەمەڕەو هەم هونەری بەرزی شمشاڵ ژەنیی ناوبراو ئەو تایبەتمەندییەی پێداوە کە ئەو شمشاڵە بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرێ. لە لایەکی دیکەشەوە پێمان وایە لە سەردەمی ئێستادا شمشاڵ ژەنی وەك مامەقاڵە لە نێو کوردەواریدا ئەگەر نایاب نەبێ زۆر کەمیابە. دەتوانین بڵێین قالەمەڕە لە شمشاڵ لێدان دا، مامۆستاو سەرتۆپە. وەك کەسایەتیی خۆشی قالەمەڕە کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەو بە دڵ حیزبی دێموکراتو شۆڕشی گەلی کوردی خۆش دەوێ." بەڕێزیان سەبارەت بە پێشوازیی خەڵك لەمەڕ بڵاوکردنەوەی پتر لە بیست ساڵی ئەو شمشاڵە لە ڕادیۆدا گوتی: " دەبێ بڵێم ئێستا شمشاڵی قالەمەڕە وەك سەمبولو مارکی دەنگی کوردستانی ئێرانی لی‌هاتووە. تا ئێستا پێم شك نایە تەنیا گوێگرێکیش ڕەخنەی لەو شمشاڵە گرتبێ، بەڵکوو بە پێچەوانە خەڵك زۆریان پێ‌خۆشە، بۆیە نەتەنیا پێویست بە گۆڕان ناکا، بەڵکو ئەگەر ڕۆژێك ئەو شمشاڵە لە پێش بەرنامەکان دا بڵاونەبێتەوە خەڵکی هەست بە بۆشایی‌یەك دەکەن."

**لە داخی ئەو دنیای وەك سینەمایە**

**هەزار خەمو خەفەت لە سینەمایە**

**تا وەختێکی زیندووی قەدرت نازانن**

**کاتێ مردی حەشری کوبرا بەرپایە**

"حەقیقی"

سەرەرای خزمەتی بەرچاوی قالەمەڕە بە هونەری کوردی، بەڵام بەداخەوە بەو شێوەیە کە پێویستە ڕێز لەو هونەرمەندە نەگیراوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە هەتا ئێستاش قالەمەڕە یەکەمین هونەرمەندی داهێنەری ئەو سەبکە لە شمشاڵ لێدانە کە کەس نەیتوانیوە جێگای بگرێتەوە. لە بیرمان نەچێ کە خزمەت بە هونەرمەندان ڕاست بە واتای خزمەت بە هونەری کوردییەو ئەو چاوەڕوانییە لە خەڵکی هونەر دۆستی کوردستانو بەتایبەتی لاوانی هونەردۆستو نیشتمانپەروەر دەکرێ کە ڕێز لە هونەرمەندانی وەك قالەمەڕە بگرن. قالەمەڕەیەك کە هەم وەك کەسایەتیی خۆیو هەم وەك هونەرەکەی هەمیشە لە خزمەت کۆمەڵگاکەی دا بووە. هونەرمەندێك کە لەگەڵ شادیو خەمەکانی خەڵك ژیاوەو بە شمشاڵەکەی زمانێکی گویاو پاراوی نەتەوەکەی بووە.

وێرای ئاواتی تەمەن درێژی بۆ مامەقالەی هونەرمەندو بەردەوامی لە هونەرەکەی‌داو بەو هیوایە کە هەمیشە ساغو سلامەت بێ، سەرنجی خوێنەری خوشەویست بۆ دیمانەیەکی کورت کە لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ئەنجام دراوە، رادەکشین:

**مامە قالە لەکوێ لە دایک بووی‌و تەمەنت چەندە؟**

لە گوندی کولیجەی مەهاباد لە دایك بوومو تەمەنم ٨٤ ساڵە. ناوی بابم محەمەد کوڕی عەبدولکەریم مروەتە. بابی خۆم نەدیوەو تەمەنم ٦ ساڵ بوو دایکم فەوتی کردوە. تەواوی ژیانی من بە نارەحەتی‌و برسیەتی‌و بەدبەختی تێپەر بووە. من لە ساڵی ١٣٢٤ بە رێبەریی پێشەوای نەمری کورد قازی محەمەد هەستی نەتەوایەتیم تێدا بووەو هەر ئەو کات لە خزمەت مامۆستا هەژارو مامۆستا هێمن دابوومو لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر قاچاغ بووم. جیگامان ئەشکەوتەکانی گولاڵە بوو. زۆر جارانیش دەچووینە ماڵی عەباس ئاغای سەر کەپکەکانو ماڵی ئەحمەد ئاغای کۆیە.

**ساڵی چەند پێوەندیت بە حیزبی دێموکراتەوە گرت؟**

هەر وەك عەرزم کردی من ساڵی ١٣٢٤ پێوەندیم بووەو ساڵەکانی ٤٧ـ ٤٦ لە خزمەت شەهید مەلا ئاوارەو مەلا مەحموودی زەنگەنەو شەهید سولێمانی موعینی دابووم. ئێمە ماڵمان هاتە قاراوا لە ناوچەی بۆکان. زیاتر بە نهێنی کارم کردووەو هەمیشە سەلت بووم. من تا ساڵی ١٣٦٤ زەماوەندم نەکردبوو. ساڵی ١٣٦٤ زەماوەندم کردو ئێستاش دوو کورم هەیە بە ناوەکانی وریاو سالار.

**لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا کارەکانت چ بوون؟**

من تا ساڵی ١٣٥٧ هەمیشە بە نهێنی کارم کردووەو هەستی کوردانەم بە شمشاڵ بە گوێی خەڵك راگەیاندوە. هەموو ئەو کوڕە شۆڕشگێرانەی کە هاوتەمەنی منن دەمناسنو ئێستاش حیزبم خۆش دەوێتو تا بمێنم خۆم بە کوڕی ئەو حیزبە دەزانم.

**چۆن بوو شمشاڵەکەت لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پەسند کرا؟**

لە رێگای کومیتەی بۆکانەوە ناردیانمەوە مەهاباد. ئەو کات شەهید کاك دوکتور قاسملوو لە مەهاباد بوو. تازە رادیو دامەزرا بووو چونکە من ناسراو بووم ناردیانمە بەشی رادیۆو شمشاڵم لێ‌دا کە زۆریان پێ خوش بووو پەسندیان کرد کە پێم وایە ساڵی ١٣٥٩ بوو.

**چۆن بوو دەستت لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵ گرت؟**

لە بەر نەداری‌و ناتەواوی ژیان بووو نەمتوانی. بەڵام لە هەر شوێنێك بم چ لە ریزی پێشمەرگە دابمو چ نەبم هەرکوڕی حیزبی دێموکراتم. هەر بە ناوی حیزبی دێموکرات ئەمن شمشاڵ لێ دەدەم.

لە هەر جیگایەك لێی دەدەم زۆربە زۆری خەڵك پێیان وایە ئەوە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە. چونکە بە شمشاڵی من هەموو رۆژێ بەرنامەکانی رادیۆ دەست پێ‌دەکا. هەموو کەسێك دەزانێ کە من هەمیشە بە گوڕی ئەو دوو دوکتورە ( شەهیدانی رێبەر دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی) سوێند دەخۆم.

# بۆ مامە قالەی شمشاڵژەن (قالەمەڕە)

"شوانە"

**پیری ژیر ئەی مامەقالە چۆنە تۆ ئەحواڵەکەت**

**هەر بەتینە سۆزو ئاهەنگو هەوای شمشاڵەکەت؟**

ئەی هەڵۆی بەرزی وڵاتم کوا شەقەی شاباڵەکەت
کوانێ گرمەو نەعرەتەو نرکەی قەدو لاپاڵەکەت
خۆزگە دەمزانی لە بەر چین مامە ئاەو ناڵەکەت

★★★

خۆ دەزانم مامە قالە ناڵەکەت بێهۆ نییە
کێ دەڵێ ناڵەی دەروونت چەشنی بۆی بۆسۆنییە
ئەم گڕوگڕپەو بڵێسە هەر لە ناخی تۆ نییە
بەزمی بلوێرت بە غەیری شیوەنو ڕۆڕۆنییە
دەك بە خۆشی وەرگەڕێ، مامە ژینە تاڵەکەت

★★★

مامە شمشاڵت دەرێنە بەو دڵەی پڕ سۆزەوە
فوویەکی تێکە بە یادی جێژنی شادی هۆزەوە
بەڵکوو ئارامی بخەیتە ئەم دڵەی ئاڵۆزەوە
تۆ بە یادی ڕۆژی کاوەو ئاوری نەورۆزەوە
جەژنی شادی بۆ بگێڕە بۆ براو هاوماڵەکەت

★★★

دەی بە بلوێر هەڵپەڕێنە "شوان"و بێری شوخو شەنگ
دەستی یەك بگرن هەموویان کیژو کوڕ وەك پوورە هەنگ
چەشنی جاڕچی جاڕ بکێشە سازی کەن کۆڕی جەفەنگ
چاوەڕێتە "شوان" سەیر کە چەشنی وازر گوێ بەزەنگ
کەی تەمو مژتار ئەکەی، کەی دێتەوە سەر ساڵەکەت؟